**International Theatre Institute ITI**

**World Organization for the Performing Arts**

**UNESCO, 1 Rue Miollis, FR-75732 Paris Cedex 15**
**iti5@iti-worldwide.org / www.iti-worldwide.org**

## پەیامی رۆژی شانۆی جیهانی 2011

### مەسەلەیەك بۆ شانۆ لە پێناوی مرۆڤایەتیدا

**نوسینی: جێسیکا ئەی کاهوا**

**وەرگێڕانی: کۆڕی شانۆی با**

ئەم گردبونەوەیەی ئەمڕۆ رەنگدانەوەیەکی راستەقینەی توانستی مەزنی شانۆیە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگەکان و پێکگەیاندنی پەرتەکان.

هەرگیز مەزەنەتکردوە شانۆ دەشێت ئامرازێکی بەهێز بێت بۆ ئاشتی و  پێکهاتن؟ لەوکاتەی نەتەوەکان هێندێکی بێشومار پارە بۆ نێردراوەکانی ئاشتیپارێزی خەرجدەکەن لە ناوچە توندوتیژەکانی ململانێ لە جیهاندا، گرنگییەکی زۆرکەم دەدرێتە شانۆ وەك ئەلتەرنلتیڤێکی روو بە روو بۆ گۆڕانکاری و بەڕێوەبردنی ململانێ. چۆن دەکرێت هاونیشتمانیانی  (زەمینی دایك) ئاشتی گەردونی بهێننەدی لە کاتێکدا ئامرازەکانی جێبەجێکردن لە هێزگەلێکی دەرەکیەوە بێن کە پێدەچێت داپڵۆسێنەریش بن؟

شانۆ بە وردی دەخزێتە ناو رۆحی بە ترس و گومان گیراوی مرۆڤەوە، بە جێگرتنەوەی خود و واڵاکردنی جیهانی ئەڵتەرناتیڤەکان بۆ تاکەکەس و بەو پێیەش بۆ کەمەڵگە. دەتوانێت واتا ببەخشێتە واقعی رۆژانە لەوکاتەی داهاتویەکی نادیار پەکیدەخات. دەتوانێت رێکوڕاست لەگەڵ دۆخی سیاسی خەڵك دا پەیوەستبێت. لەبەرئەوەی گشتگیرە، شانۆ دەتوانێت ئەزمونێك پێشکەشبکات هەڵەچەمکە پێشوەختەکان تێبپەڕێنێت.

لەوە زیاتر، شانۆ ئامرازگەلێکی سەلمێنراوە بۆ داکۆکیکردن و برەودان بەو ئایدیایانەی بە کۆ هەڵگرین و ئەگەر پێشێلبکرێت ئامادەین بۆی بجەنگین.

بۆ ڕێخۆشکردن بۆ داهاتویەکی ئاشتیخواز، پێویستە بەوە دەستپێبکەین ئەو ئامرازە ئاشتیخوازانە بەکاربهێنین کە دەگەڕێت بۆ تێگەیشتن، ڕێزگرتن و پێزانینی بەشداری هەموو مرۆڤێك لە کاروباری ملدان بۆ ئاشتی. شانۆ ئەو زمانە گەردونییەیە کە دەتوانین بەهۆیەوە پەیامی ئاشتی و پێکهاتن بەرینەپێش.

بە پەیوەستبونی کارای بەشداران، شانۆ دەتوانێت (کۆ چون یەکی) بێنێتەکایە بۆ لێکهەڵوەشاندنەوەی تێڕوانینە پێشوەختەکان و لەم ڕێگەیەوە هەلی ئەوە دەداتە تاکەکان سەرلەنوێ لەدایکبنەوە بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای واقع و زانینێکی سەرلەنوێ کەشفکراو هەڵبژاردنەکانیان بکەن.

بۆ ئەوەی شانۆ بپشکوێت، لە ناو فۆرمەکانی تری هونەردا، پێویستە هەنگاوێکی بوێرانە بچینەپێش بە ئاوێتەکردنی لەگەڵ ژیانی ڕۆژانە و بە مامەڵکردن لەگەڵ کێشە جدییەکانی ململانێ و ئاشتی.

بە تەبایی لەگەڵ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی  و ریفۆرمی کۆمەڵگاکان، شانۆ بەفیعلی بونی هەیە لەو ناوچانەی جەنگ لەتی کردون و لە ناو ئەو دانیشتوانەی بەدەست هەژاری  درێژخایەن یان نەخۆشییەوە دەناڵێنن. ژمارەی چیرۆکەکانی سەرکەوتن لە زیادبوندان کە شانۆ توانیویەتی خەڵکی هاودەنگ بکات بۆ بونیادنانی هۆشیاری و بۆ یارمەتیدانی قوربانیانی شۆکی دوای جەنگ. سەکۆ کلتوریەکانی وەك "ئینستیتوی شانۆی جیهانی" کە ئامانجیەتی " ئاشتی و هاوڕێیەتی لە نێوان خەڵك دا پتەوبکات" بە فیعلی لە ئارادایە.

لەبەرئەوەیە لە سەردەمانێکی وەك ئەوەی ئێمەدا کارەکتەرە ساتیریەکان بێدەنگ ڕاگیراون، لە زانینی لەو هێزەوەیە کە شانۆ هەیەتی. دەبا تفەنگچی و بۆمباوەشێنان ببنە ئاشتیپارێزی جیهان. چۆن دەکرێت ئامێرەکانی نامۆکردنی دولایەنە ببنە ئامرازی ئاشتی و پێکهاتن؟

 لەم ڕۆژەی شانۆی جیهانیەدا هانتان دەدەم بۆ لەبەرچاوگرتنی ئەم دیدگایە و بۆ ئەوەی شانۆ وەك ئامرازێکی دیالۆگی گەردونی و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ریفۆرم بەرینەپێش.  لەوکاتەی نەتەوە یەکگرتووەکان هێندێکی بێشومار پارە لەسەر نێردراوەکانی ئاشتی لە سەرتاسەری جیهاندا لە ڕێی چەکەوە خەرجدەکات، شانۆ ئەلتەرناتیڤێکی خۆرسك، مرۆڤانە، هەرزانتر و زۆر کاریگەرترە.

لەوکاتەی ڕەنگە شانۆ تاکەچارەسەر نەبێت بۆ هێنانەدی ئاشتی، بە دڵنیاییەوە دەبێت وەك ئامرازێکی کاریگەر ئاوێتەبکرێتە ناو نێردراوە ئاشتیپارێزەکانەوە.